# بێ هەڵوێستی تا ئەمڕۆی یەکێتی نیشتمانی لەسەر د. کەمال
# هەڵوێستی لایەنگرییە لە سەرکوتی سیاسی لە کوردستان !

ڕووداوی ئیختیتاف کردنی د.کەمال بۆ کەسێك کەمێژوو کار و کردەوەی یەکێتی و پارتی ئاگادار بێت و تەوەهوم و خۆشباوەڕی سەری لێ تێك نەدابێت کارێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. تیرۆر و ئیختیتاف و هەڕەشەکردن و زیندانی کردن و تەنانەت قەتلوعامی نەیارانی خۆیان هەموو ئەمانە لە مێژووی یەکێتی و پارتی دا تۆمار کراون. هیچ کام لەم دوو حزبە ڕۆژێك لە ڕۆژان لایەنگری ئازادی سیاسی نەبوون و نابن چ لەناو ڕیزەکانی خۆیان و چ لەناو کۆمەڵگادا.

ڕفاندن و حوکمدانی قەرەقوشیانەی د. کەمال لە کاتێکدایە کە ئەم دوو حزبە زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستیان بە توندکرنەوەی سەرکوت و پێ شێلکردنی ئازادی سیاسی هەیە لە کوردستان. ئاخر ئەم دوو حزبە ئەمڕۆ لەسەر بورکانێك لە ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕاوەستاون و هێزەکانیان و ڕێکخراوە زەرد و دەست و پێوەندەکان و ڕاگەیاندنەکانیان ڕۆژانە لە ئینزاردا بوون کە چۆن بەر بە پەرەگرتن و هاتنە سەرجادەی لاوان و خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندان و کرێکاران و جەماوەری خەڵك بگرن، ئاخرئەم دوو حزبە کەمترین ئامادەییان بۆ دەست هەڵگرتن لە دزین و بردنی داهات و سامانی کوردستان نی یە و قبوڵی کەمترین ئاڵوگۆڕی ئیجابی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و قانونیان نی یە هەتا وەڵامی داواکاری و خواستەکانی خەڵك بدەنەوە. وەڵامی ئەوان بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە و ئەو سەرمایەیەی هەیانە تەنها تەنها سەرکوت و تۆقاندنی کۆمەڵگایە. ئەوان ڕێگای سەرکوتی سیاسیان هەڵبژاردووە. کەسێك ئەم سیاسەتەی ئەوان کە بەکردەوە پیادەی دەکەن نەبینێت وحاڵی نەبێت تووشی تەوەهومێکی گەورە دەبێ.

یەکێتی و پارتی ئەمڕۆ دەستیان لەگەڵ کۆنەپەرستترین هێزی سیاسی و ئیسلامی سیاسی تێکەڵ کردووە و دەیانەوێ لەگەڵ ئەو هێزە ڕەشانەدا داهاتووی سیاسی عێراق دیاری بکەن و بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن. ئەم ڕێگا ڕەش و تاریکە پێویستی بە هێزی تاریك و کۆنەپەرست و سەرکوتگەر هەیە و دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکات. یەکێتی پارتی ئەوەیان ئیمزاکردووە دەستورێکی قوڕەیشی بەسەر کۆمەڵگای عێراق و کوردستاندا بسەپێنن ئیتر ئازادی سیاسی و مانگرتن و خۆپیشاندان و بیروباوەڕ .... دەبنە قسەی پووچ. ئەوان ئەمڕۆ سەرەڕای وەزعی خۆیان لە کوردستان هاوکات دەستیان بە شمشێرەکەی ئیمامی عەلی یەوە گرتووە ئیتر دە ئەوەندە و سەد ئەوەندەی جاران پێویستیان بەوە هەیە خۆیان لە خەڵك گیف بکەنەوە وخەڵك ناچار بکەن بێ ئەوەی کەس دەنگی لێوە بێت مل بە دەسەڵات و سیاسەت و ڕێگای ئەوان بدات.

ئەمانە پایەکانی توندبوونەوەی سیاسەتی سەرکوتی سیاسی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە. دەستگیرکردن و زیندانی کردنی د. کەمال بۆ یەکێتی نیشتمانی نەك مەسەلەیەکی نەخوازراو نی یە بەڵکو دەست پێشکەریەکی ئیجابی پارتی یە لەم ڕاستایەدا .

تەقەکردن لە خۆپیشاندانەکانی خەڵك لای یەکێتی نیشتمانی بووەتە سوونەت بۆ ترساندن و پاشەکشەپێکردنی خەڵك، ئەمڕۆ هەر توێژێك بیەوێت خۆپیشاندان بکات دەبێ خەسارەتی خۆی لە تەقەکردنی دەزگای ئاسایش و هێزی تایبەتی یەکێتی و پارتی پێشتر لێك بداتەوە ئەنجا تەسمیم بگرێت.

هەروەها قەڵەم لەکار خستن و دەم بەستن هەوڵێکی یان شکلێکی تری سەرکوتی سیاسی یە کە ئەم دوو حزبە ئەمڕۆ دەیانەوێ دەستی بۆ بەرن. دەستگیرکردنی ڕێبوار عارف نموونەیەك بوو لەم ڕاستایەدا ، بەڵام پارتی بە نیشاندانی عەزمەتێکی توندتر و زیاترەوە خۆی نیشان داو لە جیاتی دەزگای پۆلیس و ئاسایش دەزگای مافیایی بەکارهێنا و حوکمی قەرەقوشی سەپاند بەسەر د. کەمالدا. هەتا بە کۆمەڵگا بە تایبەت خاوەن قەڵەم و کەسانی ڕەخنەگر و ناڕازی ڕابگەیەنێت کە ئەو کوردستانی ئازاد .. کوردستانی ئازادەی هەر دەمان ووتەوە قۆناغی تەواو بوو ئیتر قۆناغی کوردستانی سەرکوت و ڕفاندنە. هەروەها نامەیەکیش بوو بۆ یەکێتی و باڵەکانی ناو یەکێتی کە دەنگی ڕەخنە و ناڕازی چی تر نایخوات و ئەگەر دەتانەوێ دەسەڵاتدار بن دەبێ ئاوها بن.

له ڕاستی دا ئەم کارەی پارتی نەك جێگای نیگەرانی یەکێتی بوو (بە تایبەتی باڵی دەسەڵاتداری یەکێتی) بەڵکو کردنەوەی دەرگایەك بوو بۆ سەرکوتی زیاتر. ئەوەتا دوێنێ یەکێتی لە شاری کەرکوك لەڕێگای کەسانی تایبەتی خۆیەوە هەڕەشەی ناردووەتە سەر (ئازاد مەجید) کەسایەتی ناسراو و هەڵسوڕاوی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوواییە یەی خەلکی بێبەشی ڕەحیماوە و شۆڕیجە . ئیتر یەکێتی بە چ ڕوویەکەوە بەرامبەر دادگایی کردنی د. کەمالدا هەڵوێستی هەبێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتا پارتی وەکو برا گەورە دەست پێشکەری بکات دەستی یەکێتیش وەکو ئەو هێندەی تر ئاوەڵاتر دەبێت بۆ سەرکوت و تۆقاندن.

ئەوەی ئەمڕۆ پارتی ناڕەحەت کردووە و یەکێتی ئیحراج کردووە تەنها تەنها وەستانەوەی خەڵکی ئازادیخوازی دەرەوە و ناوەوەی کوردستانە لەبەرامبەر ئەم کارەی پارتیدا . کەمپینی ئازادکردنی د.کەمال بە مانای تەواوی ووشەکە کەمپینە بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی و بەرگرتن لەوەی ئەم دوو حزبە کوردستان ڕابکێشنە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ڕەشی سەرکوتگەرەوە. ئەمە بەرگری کردنە لە هەموو چەشنە ئازادیەکی سیاسی لە کوردستان کە ڕۆژانە لە لایەن ئەم دوو جزبەوە پێ شێل دەکرێت.
ئەو خەباتەی ئەمڕۆ بۆ ئازادکردنی د.کەمال دەستی پێ کردووە ، پێویستە ببێتە خەباتێکی بەدەوام لە دژی هەر پێشێلکاریەکی سیاسی کە ئەم دوو حزبە لەکوردستاندا پیادەی دەکەن.

**سامان ئەحمەد**
2006.01.18